# نامەیەك بۆ بەڕێز د. شەونم عەبدول قادر

# وەزیری پەروەردە

بەڕێزم ئەم كاتەت شاد سلاّو ڕێزم هەیە بۆت هیوای لەشی ساغ و تەمەنی درێژت بۆ دەخوازم . شەوی 16 مانگ لە یەكێك لە بەرنامەكانی كوردسات چاوپێكەوتنێكت ئەنجامدا لەسەر كۆمەڵێ بابەت و كێشەی ئەمڕۆی مامۆستایان و خوێندكاران و سیستەمی پەروەردە و فێركردن . منیش وەك هەڵسوڕاوێكی بزوتنەوەی مامۆستایان و لایەنگرێكی بەرگریكەر لە ماف و داواكاریەكانی خوێندكاران و منالاّن حەزم كرد هەندێك سەرنج بخەمە سەر یەكێك لەو بابەتانەی كە جەنابت زۆر بە سەرسوڕمانە وە باست دەكرد . من كەسێكی دەمارگیر نیم هەر كارێك نانێك دەخاتە سەر سفرەی مامۆستایان یاخود هەل و مەرجی خوێندنی خوێندكاران ئاسان دەكات دەست خۆشی لێدەكەم بەكارێكی شیاوی دەزانم . بەلاّم لە ڕاستیدا وەزعی پەروەردە و فێركردن و هەل و مەرجی ژیانی مامۆستایان بەجۆرێكە بەم شێوەیەی كە جەنابتان باسی دەكەن چارەسەر نابێت . من قسەم لەسەر هەموو ئەو شتانە هەبوو كە بەڕێزتان وەك ڕێگە چارە باستان دەكرد بەلاّم لێرەدا ناكرێ باسی هەمووی بكرێت تەمەن ئەگەر بوار بدات لە جێگایەكی تر باسی دەكەین . یەكێك لەو دەلیلانەی كە نیشانی دەدات مەیدانی پەروەردە و فێركردن دەرگیرە لەگەڵ بنبەست و وەزعیەتێك كە قابیلی قبووڵ نیە ئەو هەموو نامەیە بوو كە لە بەردەستی بەڕێزتاندا بوو كە دیارە ئەوە دلۆپێك بوو لە دەریایەك . مەیدانی پەروەردە و فێركردن سوونەتی هەڵسووكەوت لەگەڵ خوێندكار ژیانی ڕۆژانەو زەمینەكانی گەشەی فەرهەنگی و فكری مامۆستا و بەڕێوەبەر و خوێندكاران مەیدانێكە كە لە ئەمڕۆی دنیای هاوچەرخ و پێشكەوتودا جێگای باس و لێكۆڵینەوەی جیدیە . بۆیە ئەم بوارەش كە چارەنووسی ژمارەیەكی فراوان نەوەی ئەم كۆمەلگایەی لە سەرە . دەبێت هەنگاوی كۆتای هێنان بە هەر ڕێگری و بەربەستێك لە پێشكەوتن و شكاندنی كۆت و زنجیری ئەم دواكەوتوویە بە توندی وەلاّم بدرێتەوە و خوێندكار و مامۆستای كوردوستانیش وەك هەموو مامۆستایان و خوێندكارانی جیهان سەیر بكرێن . ناكرێت خەڵكی كوردوستان و عێراق لەژێر كاریگەری هەموو هاوكێشە سیاسیەكانی جیهاندا بن بەلاّم لە پێشكەووتن و نەزم و نیزامێكی مۆدێرن لە بواری پەروەردە و فێركردن كە دنیا پێیگەشتووە مەحروم بن . بەڕێزم ئێستا دێمەوە سەر ئەو بابەتەی كە بەسەر سووڕمانەوە باست كردو دەت ووت نازانم بۆ وایە كە لە ڕاستیدا هەموو ماندو بوون و هەڵ و كۆششێك بۆ ئەو كارەیە ئەویش دەرچوون و بڕینی قۆناغەكانی خوێندنە . جەنابت ووتت نسبەی دەرنەچوون زۆر زۆرە و لە هەموو دنیا باوی دەرنەچوون نەماوە نازانم بۆ لێرە وانیە . من دەڵێم ئەم پرسیارە بۆ هەركەسێ واقیعی بێت بۆ كەسانی وەك ئێوە وانیە كە پەرپرسن لە هەموو ئەو دیاردانەی كەلە بواری پەروەردە و فێركردن و ژیانی كۆمەلاّیەتی مامۆستا دەدرێت بە دەستەوە نەك تۆ كە وەزیری پەروەردەیت هەركەس لە دورەوەش شاهیدی وەزعی خوێندن و مامۆستاو ژیان و یاساكان و پرۆگرام و مووچەو تاقیگا و گەمارۆی ئابوری و دەخالەتی ئەحزاب لە هەموو كوون و كەلەبەرێكی ئەم پرۆسەیەدا بێت هەرگیز ناڵێت نازانم بۆ ڕێژەی دەرنەچوون زۆرە . چاوەكەم نەك پێشكەوتوترین ئامێری زانیاری بۆ خوێندكاران لەلای ئێمە پۆلی خوێندن ئەو شوێنەی لانی كەم كە جێگای كۆبونەوەی خوێندكارانە بەپێی شەرایتیكی نە عیلمیە نە ئینسانیە . مەگەر نەتبیستووە كە شوێن هەیە خوێندكارەكانی لە بری پۆل گەوڕیان بۆ كردون بە جێگای فێربوونی زانیاری و عیلم مەگەر نەتبیستووە كە منالاّن بەشان و بازووی خۆیان بە قوڕ پۆلیان بۆ خۆیان پێكەوە ناوە .مەگەر نەتبیستووە زیاتر 60 لە خوێندكار لە پۆلێكدان و تەنانەت بواری هەڵمژینی هەوای پاكیان نیە . من مامۆستای یەكێك لە خوێندنگاكانی زەڕایەن بووم زۆر جار كە سەیری ئەو خوێندكارانەم دەكرد ئەو هەموو تواناو جووڵەو حەز و ئارەزوانەیان هەیە و تەنها گۆرەپانێكی ڕەق و چەند دیوارێكی بەرز دەوری داون خۆم ئەخواردەوە و چاوم پڕ ئەبوو لە گریان . من باسی پۆلت بۆ ناكەم ئەوەی هەیە ژورێكی تاریك و سارد مامۆستیەك و تەختە ڕەشێك و تەنەكەیەكی خۆڵ . بەڕێزم خۆ بڕواناكەم كە بیرتان چووبێت سانای منالْ و خوێندكار بۆچی یەخەی گرتن و هاتە لاتان ئیتر ئەبێت بۆ بپرسی هاوڕێكانی سانا بۆ دەرناچن لە كاتێكدا یەكێكیان ووتی خوشكەكەم بە كۆڵ دەبەم بۆ خوێندنگا ئەمانە سەرەتایترین شتن كە من باسیان ئەكەم چوونكە خۆم لەو واقیعەكەدا بووم ئەزانم ئەم شتانە چەندە كاریگەری لە سەر فێربوون و گەشەی منالْ دادەنێت . بەڕێزم د . شەونم ئەبێت ئەو واقیعەتە باش بزانی كە شەڕی ناوخۆ و هەل و مەرجی ناشیاوی كوردوستان گەورەترین خەنجەری دواكەووتن و دوور كەووتنەوەی لە بواری پەروەردە و فێركردنی دا لە پشتی سەرجەم خوێندكاران . سەیر كردنی خوێندنگا وەك بارەگاو خوێندكار وەك شانەو پۆلی حیزبی وەزعیەتێكن كە كارو ئەولەویوتێك كە دەبێت

به حیساب بێت پشت گوێ خراوه . دڵنیام بەڕێزتان شاهیدی شەڕە چەقۆ و شەڕە بلۆکی ساڵی ڕابووردوو بووبیت لە کاتی هەڵبژاردندا لە کاتێکدا ئەمانە کاری خوێندکار نین و یەك زەڕە لە مەعریفەت و تێگەشتنی خوێندکاران ناباتە پێشەوە . ئەڵبەت دەشزانی کێ لە پشت ئەم کارانە وەستاوە بەڕێزتان ئاگادارن کە لە خوێندنگاکاندا کێشمەکێش لەسەر کردنەوەی مزگەوت و ژووری قوتابیان و خوێندکاران گەرمترە لەسەر کردنەوەی ژووری تاقیگاو مەرسەم و باخچە و کتێبخانە ئەمانەش هەمووی بەرئەنجامی ململانێیەکە کە هەیە لە نێو حیزبەکاندا و گۆڕەپانی پەروەردەو فێرکردنیشی تەنیوەتەوە و خوێندکارانی کردۆتە ئەکتەری ئەم نمایشە . من مامۆستا بووم لە یەکێك لە دواناوەندیەکانی هەڵەبجەی تازە تیپێکی تۆپ تۆپێنی سەر بە تاقمێکی ئیسلامیەکان ژووری بەڕێوەبەری تەعمیر کردەوە من هەر ئەو کات بۆم پرسیار بوو ئەم تیپە لیڤەرپوڵە یان مانچستەریۆنایتد کە دیارە هیچیان نیە بەڵام ئەوەی فرسەتی داوە بە ئەوان ئەو کارە بکەن بێدەربەستی دەسەڵاتدارانە بەرانبەر پرۆسەی خوێندن وپەروەردە ئیتر ئەبێت لەم زەمینەدا گلەی لە کێ بێت یان سەرسوڕمان لە دەرنەچوونی خوێندکاران چ بەرئەنجامێ بدات بە دەستەوە . بەڕێزم د. شەونم داب و نەریەتێك بۆتە چوارچێوە لە دیاری کردنی پەیوەندی نێوان خوێنکار و مامۆستا بەجۆرێك دواکەوتوانەیە نەك کاریگەری لەسەر ڕێژەی دەرچوون بەڵکو لەسەر ژیان و کەسایەتی و بیرکردنەوەی خوێندکار دادەنێ کارەساتی عادل ئەو زەنگە بوو کەدەبوایە دوا تەڵی ئەو دەزوەی بقرتاندایە بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا بە هێزی خۆیەوە ماوە . هەموو بینیمان چۆن کیژۆڵەیەکی ناسك تەنها لەبەر ئەوەی نامەی خۆشەوویتی پێوە گیراوە چۆن ناچار بە خۆسووتان کرا هەر لەو بەرنامەیەی بەڕێزتان ئامادەبوون سکاڵای خوێندارێك ئەوە بوو کە نایەڵن قژی درێژ کاتەوە لە کاتێکدا ئەمە سەرەتایترین مافی هەرکەسێکەو بەڕێزیشتان وەك گەورەترین پلەو پایە لە سلکی پەروەردەدا نەت ئەزانی چۆن وەڵامی ئەو خوێندکارە بەیتەوە دەت ووت با بەڕێوبەرەکەی یارمەتی بدات با هاوڕێکانی یارمەتی بدەن چاوەکەم یارمەتی چی ئەو نەیووتووە خەڵك گاڵتەم پێدەکەن ئەو ووتی بەڕێوبەرەکەم نایەڵێ . ئەم بەرخوردە بە خوێندکار کە بەرئەنجامی سیستەمێکە مامۆستا وخوێند کاری کردۆتە بار بەسەر یەکەوە گەورەترین ترسە لە ژیانی ڕۆژانەی خێزانی پەروەردەو فێرکردن دا . ئەمانە شتێکن ڕۆژانە خوێندکار ممارەسەی دەکات و بوە بە بەشێك لە یادگاری و ئیستای و بەو هیوایەی ئایندەشی نەبێت . خوێندکار لە چ کاتێکدا دەبێت داوای ڕێژەی دەرچوونیان لێبکرێت من دەڵێم ئەوە کافی نیە کە جەنابت دەڵێیت خوێندکاری کورد زیرەکن دەشێت ئەم قسەیە وەك قسە یەکی ئیحساس ئامێز حساب بکرێت بەڵام ئەوەی دەبێتە مایەی پێشکەوتن و فراوان بوونی زانیاری خوێندکار و تێکەڵ بوون بە گۆڕانکاریەکانی دنیا لە گرەوەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێربوون دایە بە سیستەمێك کە ڕۆژانە هەر دەسکەوتێکی پزیشکی و فیزیای و کیمیای و هەنەری لە دنیادا بە دەست بێت لێرەش ئەگەر بەدەست نەگەشت ئەوا بخووێنرێت . تۆ بۆ خۆت سەیرێکی کتێب ومەنهە جەکانی خوێندن بکە بزانە زانیاری و جۆری فێرکردنی چ ساڵانێکی تێدایە وانەی بیرکاری 30 ساڵە خوێندکار قەڵەم و تورەکە کۆنەکاتەوە ئەمە ئیتر تەواو زانیاری نادات بە خوێندکار ئەمڕۆ دەبێت تازەترین و پێشکەوتووترین جۆری مەنهەج هۆکانی فێرکردن مامۆستای پڕ بە زانیاری و ژیان خۆش جێگای کۆن بگرێتەوە و بە ڕەئی من ئەمە ئێستا لە کوردوستان توانای جێبەجێکردنی هەیە . نابێت هەرگیز مامۆستاشمان بیر بچێت کە لەم ڕێرەوەدا چی پێئەکرێت ئەگەر فەزایەکی ئینسانی بۆ فەراهەم بکرێت کە بە داخەوە بۆی نەکراوە کێشەی ژیان و محدود بوونی سنووری دەست گەشتن بە جۆری هەڵسووکەووت و وەرگرتنی زانیاری هاووچەرخ بەجارێ مامۆستای نامۆ کردووە و دایبڕیووە لە هاوشێوە کانی لە دنیا . لە کاتێکدا دەبێت دەورەی بەردەوام هێنانی کتێب و سەرچاوەی بەنرخ سەردانی بەش بە شی مامۆستایان بۆ وولاتە پێشکەووتووەکان دانانی تاقیگەو کۆمپیوتەر و کاسێتی هەموو ئەو شتانەی کە کۆمەك ئەکات بە زیاتر فێربوون ئەزموون وەرگرتن . ئەمانە کە من باسم کردن سەرەتایەکی زۆر سادەن بۆ وەڵام بە سەر سووڕمانەکەی بەڕێز د. شەونم وەزیری پەروەردە . لە کۆتایدا دەڵێم بەبێ کۆتای هێنان بەم سیستەمە داڕزیوە و گۆڕینی بە سیستەمێکی مۆدێرن و مەدەنی کە جێگاو ڕێگای سەر جەم پەیوەندیەکان دەگۆڕێت وەك پەیوەندی مامۆستاو خوێندکار . خوێندکار و مامۆستاو دەسەڵات . زانیاری و مامۆستاو خوێندکار .خوێندکار و مامۆستا و دەسەڵات و مافە فەردی و مەدەنیەکان . بەبێ ئەم ئاڵوگۆڕە هەوڵەکان وەك دەرزیەکی سڕکەر وایەو ئامانجێکی نابێت . من بانگەوازی هەمووان ئەکەم بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە . لە کۆتایدا هیوادارم د. شەونم عەبدول قادر قسەکانم بە سنگێکی فراوانەوە لێوەرگرێ

هیدایەت مەلا عەلی

دانیمارك